کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

8-12-2007 16:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بروسکەی پیرۆزبایی بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود بۆ ناوەندی چاک بە بۆ نەی بستنی کۆنگرەکەیانەوە: هیوادارم ناوەندی چاک دوور لە تێوەگلان لە کێبەڕکێی تەسک و کێشەی سیاسی و ڕکەبەری ناوخۆیی کارەکانی بکات**

دوای ئەوەی لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ناوەندی چاک لە ئەوروپا کۆنگرەی خۆی سازکرد، بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری گشتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان برووسکەیەکی ئاراستەی هەڵسووڕاوانی ناوەندەکە کرد ئەمە دەقەکەیەتی :



بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی ناوەندی چاک پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوای سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازم. هیوادارین ناوەندەکەتان بە هەستکردن بە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی و دوور لە تێوەگلان لە کێبەرکێی تەسک و کێشەی سیاسی و ڕکەبەری ناوخۆیی کارەکانی بەڕێوەببات و ئاراستەی خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی وون نەکات و درێژە بەو خزمەتانەی بدات کە لە ڕابردوودا بە گیانی کوردانەو هەست و هەلوێستی نەتەوەیی کردووە لە دەرەوەو ناوەوەی وولات. جارێکی تر لەگەڵ دەستخۆشی لە ئەرکی گرنگی ناوەندی چاک، هیوادارم کۆنگرەکەتان سەرەتای نوێبوونەوەو هەڵسەنگاندن و کارو خزمەتی زیاتر بێت بە ئامانجی بالای گەلەکەمان.

دڵسۆزتان
محەمەدی حاجی مەحمود
سکرتێری گشتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.